# ئامانج شاکەلی:

## گرفتی زمان زۆر لە گرفتی ئاو و کارەبا گرنگترە، چونکە ئەگەر تۆ زمانت نەبێت نەتەوە نیت و جوگرافیا و مێژوو و هیچ شتێکت نییە

**پێشەکی:**



نووسەر و وەرگێڕی کورد ئامانج شاکەلی ساڵی 1962 لە شاکەل / باشووری کوردستان لە دایکبووە. لە ساڵی 1982 چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرتووە و رووی کردۆتە شاخەکانی کوردستان، لە ساڵی 1989 بەدوا لە وڵاتی بەلژیک دەژیت، بەرهەم و کتێبەکانی بە زمانانی کوردی، فارسی، هۆڵەندی، ئەڵمانی و ژاپۆنی بڵاوکراوەتەوە. ساڵی 1994-1996 سەرنووسەری گۆڤاری سیمرغ بووە کە گۆڤارێکی وەرزانەی کولتووری گشتی بووە بە زمانی کوردی و هۆڵەندی لە بەلژیک دەرچووە. بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ژیان و چالاکییەکانی و هەڵدانەوەی کۆمەڵێک لە راستییەکانی ژیانی ئەمڕۆی راگەیاندن و رووناکبیری کوردی ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵدا سازکرد.

**هەڤپەیڤین: ڕێناس نەورۆزی / برۆکسل**

*** بەڕێزتان سێ جار بانگهێشتی ژاپۆن کراون، ئایا ئەم بانگهێشتنانە لەسەر چ بنامەیەک بوون؟ ژاپۆنییەکان چۆن دەڕواننە پرسی کورد و تا چەند شارەزاییان دەربارەی کورد و نیشتیمانەکەی هەیە؟**

- بۆ یەکەمجار لە کۆتایی ساڵی 1999 و سەرەتای ساڵی 2000 لەسەر داوای کۆمەڵێك لە خوێندنگاکانی شاری کاواساکی بانگهێشتی ئەو وڵاتە کرام، هۆکاری ئەم بانگهێشتکردنەم وەرگێڕانی کتێبێکی من بوو بۆ ژاپۆنی بەناوی (پەپولەیەك بەسەر پەنجەرەکەوە). لە کاواساکی چەندین سیمینار و وانەم گوتەوە. هەروەها سەردانی شاری هێرۆشیما و تۆکیۆم کرد، بینینی هێرۆشیما بەلای منەوە زۆر گرنگبوو، هەروەها سەردانی شاری ناگۆیا و یۆکۆهامام کرد. ئەوەی من بزانم ژاپۆنییەکان شارەزاییەکی زۆریان دەربارەی کورد نەبوو، بەڵام سیاسییەکان تا رادەیەك زانیارییان دەربارەی کێشەی کورد هەبوو. پرسی هەڵەبجە و ئەنفالیش کەم و زۆر باسی لێوەکرابوو، ئەوەی من ئاگاداری بم تاکە شتێك کە وەرگێردرابێتە سەر زمانی ژاپۆنی و باسی کوردی تێداکرابێت، کتێبەکەی من بووە، کە ساڵی 1999 وەرگێڕدرابوو بۆ ژاپۆنی، بەوەش دەیانزانی کە کوردیش خاوەنی ئەدەبە و نووسینی هەیە. ژاپۆنییەکان میللەتێکی کراوە و دڵفراوانن و حەز دەکەن شتەکان بزانن، ژاپۆنییەکان زۆریان پێخۆشبوو دەربارەی پرسی کورد بزانن. نەوەکانیان وا پەروەردەکردوون کە هەموو شتێکی میللەتانیتر فێربن و بزانن. ئەو ماوەی کە من لەوێبووم هەستم دەکرد سۆزێکیان بەرامبەر بە کورد هەیە، زۆریان حەز دەکرد بزانن کە کولتووری کورد چییە و چۆنە، دەیانویست بزانن میللەتی کورد چی جۆرە



لە کاتی پێشکەشکردنی وانەیەك لە یەکێك لە خوێندنگاکانی ژاپۆن

جلوبەرگێك لەبەر دەكەن و جۆری خواردن و ژیانیان چۆنە؟ ئایا كوردەكان حەزیان لە چی جۆرە مۆسیقایەكە؟ شارەكانیان چۆنە و هەڵسووكەوتی كورد چۆنە، ئەمانەیان بەلاوە زۆر گرنگبوو. بۆ دووەمجاریش ساڵی 2001 لەلایەن وەزارەتی فەرهەنگی ژاپۆن بەمەبەستی بەشداریكردن لە دوو كۆنفرانس بانگهێشتی ئەو وڵاتەكرام، كە كۆنفرانسێكیان لە تۆكیۆ و ئەویتریان لە كاواساكی بەڕێوەچوو. كۆنفرانسەكان تایبەتبوون بە بە مامۆستایان و ئەو كەسانەی سەروكاریان لەسەرپەرشتیاری پەروەردەی منداڵاندا هەیە. لەوێ كۆمەڵێك كەسایەتی ژاپۆنی و وڵاتانیترم ناسین لەوانە وەك ڕەخنەگری ناسراوی ئەمریكی (مارینا كەی جۆرنبی) كە باسێكی زۆر جوانی سەبارەت بە كتێبی(زەردەخەنە)ی من نووسیبوو، ئەو كتێبەشم واتە (زەردەخەنە) كە باسی كارەساتی ئەنفال دەكات هەر لەو سەردەمە وەرگێردرابوو بۆ سەر زمانی ژاپۆنی. من لەم سەردانەمدا لە دە خوێندنگای سەرانسەری ژاپۆن بەتایبەتیش لە شارەكانی كاواساكی، تۆكیۆ، ناگۆنا، ناگۆیا، یۆكۆهاما سیمینار و وانەم سەبارەت بە پرسی كورد گوتووەتەوە و لەگەڵ خۆم كۆمەڵێك دیاری كوردانەی وەك جلوبەرگ و خواردەمەنی كوردی و موسیك و گۆرانی كوردیم پێشكەشكردوون. لە سەردانی یەكەممدا واتا ساڵی 1999 چەند ڕۆژنامەیەكی هەرێمی چاوپێكەوتنیان لەگەڵدا سازكردم، بەڵام لەسەردانی دووەمینمدا لە زۆربەی ڕۆژنامە گەورەكانی وڵاتی ژاپۆن دیداریان لەگەڵدا سازكردم، هەروەها ڕادیۆی كاواساكیش ماوەی كاتژمێرێك سەبارەت بە پرسی كورد و ئەدەبیاتی كوردی دیداریان لەگەڵ سازكردم. هەروەها سەردانی شارۆچكەی موچی زووكی و ناوچە شاخاوییەكانی ژاپۆنم كرد، كە نزیك شاخی ئاگرپژێنی (ئاسما)یە. شێوازی هەڵسوكەوت و ژیانی دێهاتەكانی ژاپۆن تا ڕادەیەك وەك دێهاتەكانی كوردستان وابوون. بۆ سێیەمین جاریش ساڵی 2004 بە مەبەستی بەشداریكردن لە كۆنفرانسی (كۆچ و فەرهەنگ) و جیاوازی ڕەگەزەكان لە ئەورووپادا بانگهێشتی ژاپۆن كرام. لەم كۆنفرانسەدا كۆمەڵێك نووسەری ناسراوی جیهان بەشدرایان كردبوو، لەوانە (حەنیف قورەیشی) كە نووسەرێكی ئینگلیزە و بە ڕەگەز پاكستانییە، هەروەها نووسەرێكی فەرەنسی بە ڕەگەز جەزائیری و نووسەرێكی ئەڵمانی بەرەگەز خەڵكی توركیا و چەند نووسەری كۆرییایی و ژاپۆنی و زۆرێتر بەشداریان لەم كۆنفرانسەدا كردبوو، هەروەها چەند پرۆفیسۆرێكی زانكۆكانی ژاپۆنیش بەشداریانكردبوو. كۆنفرانسەكە لەلایەن كۆنسۆلخانەكانی بریتانیا و فەرەنسا و هەرێمی كەتەلۆنیای ئیسپانیا و ماڵی فەرهەنگی هەرێمی ڤلاندەرنی بەلژیك سازكرابوو. هەروەها لە سەردانی ئەمجارەشمدا چەندین سمینارم پێشكەشكرد، هەروەها سیمینارێكی تایبەتیشم بۆ پەخشخانەی كیومۆن سازكرد.


لەگەڵ ژمارەیەك لە مامۆستایان و خوێندكارانی ژاپۆن

*** ڕووناكبیر لە ڕوانگەی ئامانج شاكەلی یەوە كێیە؟ مەرجەكانی كەسایەتی ڕووناكبیر چین؟ ئایا ئەمڕۆ لەناو كورد دا ڕووناكبیر هەیە؟**

- ئەگەر وەك ڕوانگەیەكی جیهانی باسی ڕووناكبیر بكەم، لێرە ناتوانم بە كورتی پێناسەیەكی تایبەتی بۆ بكەم، ئەگەر بێمە سەر باسی دەستەیەك ڕووناكبیر كە كارتێكردنیان دیاربێت بەسەر ژیانی فەرهەنگی و كولتووری گەلی كورد، ئەوا من پێم وایە ئێستاكە دەستەیەكی بەوجۆرەمان نییە، بەڵام دەتوانم بڵێم كۆمەڵە خەلكێكمان هەن یەك یان دووان یان پێنج كە هێشتا نەیانتوانیووە بەشێوەیەكی سەربەخۆ و یەكگرتوو كارێكی وابكەن كە شوێن پەنجەیان بەسەر فەرهەنگی كوردییەوە دیاربێت. ڕووناكبیری وامان هەیە بووەتە داردەستەی حزب، ئەگەر ڕووناكبیر ببێتە دراودەستەی حزب، ئەوا ناتونرێت پێی بگوترێت ڕووناكبیر، چونكە لایەنی ئازادی بیركردنەوەكەی لە دەستدەدات. كەسی ڕووناكبیر دەبێت سەربەخۆ بێت و خۆی بڕیابدات چی بنووسێت و چی بكات. ئەوە یەكێكە لەو مەرجانەی كە دەبێت ڕووناكبیر سەربەخۆبێت، نەك لە پێناوی بەرژەوەندی حزب یان ئەم لایەن و ئەولایەن بنووسێت. بەداخەوە ئێمە لە كوردستاندا لەم چەشنانەمان زۆرە. كەسانێترمان هەن خۆیان بە خۆیان دەڵێن ڕووناكبیر، بەڵام بێئاگان لە گۆڕانكارییەكانی دەوروبەر و جیهان. لە كودستاندا دەستەیەكی ڕووناكبیری بەهێز نییە، كە بتوانێت سیاسەتی فەرهەنگی دیاری بكات،. ئەگەر بتەوێت باسی هەلومەرجی ڕووناكبیری بكەیت لە كوردستاندا، من پێموایە تا ئێستا هەلومەرجی

ژیانی ڕووناکبیری زۆر زۆر خراپە، ئەگەر سەیری لایەنی زمان بکەین، گرفتی زمان پاشا گەردانییەکە ئەو پەڕی نەبێتەوە، یان لایەنی بابەت، یان لایەنی ڕەخنە، ڕەخنە لە کوردستان نییە، کە ئەوەش بنچینە و بناخەی ڕووناکبیرییەکی بەهێزە. ئەگەر کەسێك بەناوی ڕەخنەگر سەیری بابەتی کەسێك بکات، سەیری بابەتەکە ناکات، بەڵکو سەیری نووسەری بابەتەکە دەکات، ئەگەر ڕقی لە کەسە بێت ئەوا، دەڵێت بابەتەکەی زۆر خراپە، ئەگەر خودی کەسەکەش بناسێت، لەسەر بناخەی دۆستایەتی ئەوا دەڵێت زۆر باشە. ئێمە ڕەخنەگرمان نییە، کە بگوترێت ئەو کەسە دەتوانێت داینەمۆی ڕووناکبیری بخاتە گەڕ. ئەگەر بەکورتی بڵێم هەلومەرجی ڕووناکبیری لە کوردستاندا زۆر خراپە، پێم وانییە ئێستاکە چارەسەربێت، چونکە هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە بنەما پێویستییەکانی ڕووناکبیری پشتگوێ دەخرێت وەك ئازادی بیروڕا دەربڕین و گەشەپێدانی زمان و گرنگیدان بە پێگەیاندن. بە داخەوە ئەمڕۆکە لە کوردستاندا کۆمەڵە خەڵکێك بوونەتە دەمڕاستی ڕووناکبیری، کە مەرجەکانی ڕووناکبیرییان تێدانییە!

*** لایەنە لاواز و بەهێزەکانی ئەمڕۆی ڕاگەیاندنی کوردی چیین؟ هەنگاوەکانی بە مەدەنیکردنی ڕاگەیاندنی کوردی چیین؟**



- یەکێك لە لایەنە هەر لاوازەکانی ڕاگەیاندنی کوردی ئەوەیە، کە ئێمە ڕاگەیاندنی حزبیمان هەیە و ڕاگەیاندنی میللەتمان نییە، کە پێیبگوترێت ئەمە ڕاگەیاندنی کوردییە. هەرچەندە هەندێ لە ڕۆژنامەکان و ماڵپەڕە کوردییەکان دەڵێن ئێمە ڕاگەیاندنی سەربەخۆین، بەڵام کە دەیانخوێنییەوە ئەو سەربەخۆییەیان تێدانییە، زۆر بە دەگمەن ڕەنگە ماڵپەڕێك یان دووان تا ڕاددەیەك سەربەخۆییان تێدا هەبێت. لایەنێکیتری لاوازی ڕاگەیاندنی کوردی ئەوەیە کە لە 98٪ی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی هەن لەلایەن کەسانێك بەڕێوەدەبردرێن، کە شارەزاییان لە ئەلفوبێی ڕۆژنامەوانیدا نییە و هێشتا ئاماتۆرن و کەوتوونەتە ناو کاری ڕۆژنامەگەرییەوە و تێیدا خەریکن. لایەنێکیتریش ئەوەیە کە ئەو زمانە خراپ و شڕەی ئەوان بەکاریدێنن، کەس نازانێت چی زمانێکە عەرەبییە یان فارسییە؟ کاتێك تەماشای تێکستێکی پێنج خولەکی تەلەفزیۆنێکی کوردی دەکەم، ڕەنگە زیاتر لە دووسەد هەڵەی تێدا بدۆزمەوە. باسی ماڵپەڕەکان ناکەمە، کە هەر کەسە هەڵساوە و بووە بە نووسەر، بەبێ ئەوەی چاودێرییەك هەبێت، ئایا ئەو نووسینە چۆنە!؟ ئەوەی من بزانم ئەو پاشاگەردانییە تەنیا لە ڕاگەیاندنی کوردیدا هەیە. لە هەموو جیهاندا کە تۆ ببیتە خاوەنی ڕۆژنامە دەبێت زمانی ستانداردت هەبێت و هەموو ڕاگەیاندنەکان دەبێت ئەو زمانە بەکاربهێنن و بەو زمانە بنووسن. لەلایەکیتر ڕۆژنامەگەری کوردی لە دەوروبەر دابڕاوە و لەناوخۆیدا دەخولێتەوە، وەك نموونە کە هەواڵێك یان ڕووداوێك لە ماڵپەڕێکی ئەوروپایی دەخوێنمەوە، دوای تێپەڕینی مانگێك دەبینم هەمان هەواڵ لە ڕۆژنامەیەکی کوردیدا وەك هەواڵی یەکەم بڵاوکراوەتەوە. ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە، خۆ ئێمە لە سەدەیەك لەمەوبەر ناژین، ئێستا گۆڕانکارییەکان سات بە دوای سات بەرەوپێش دەڕوات. ئەی ئەوە مایەی پێکەنین نییە کە هەر حزب و ڕێکخراوێك لە کوردستان خاوەن ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەی خۆیەتی! ئەمە لە کوێی جیهاندا شتی هەبووە و هەیە؟ ئەمڕۆکە لە هیچ کوێی جیهاندا حزب و ڕێکخراو بۆیان نییە میدیای (دەرەکی-گشتی)یان هەبێت. بەداخەوە کوردستان لەمبارەدا ڕچکەشکێنە!! بە مەدەنیکردنی ڕاگەیاندنی کوردیش هەنگاوی زۆری دەوێت، دەبێت سیاسەتێکی ڕاگەیاندنی دیاریکراو و سەربەخۆت هەبێت و دەبێت خەڵکانێکیتر بێنیت و ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە ئێستاش هەن دەبێت لە ئاماتۆر دەرچن و ببنە پرۆفیسیۆنال، دەبێت زمانی ڕۆژنامەوانی فێربکرێن، هەروەها ڕۆژنامەوان ئەوەنییە کە تەنیا کوردی بزانێت یان کوردی و عەرەبی بزانێت، ڕۆژنامەوان دەبێت سێ چوار زمانی زیندووی جیهانی بزانێت. دەبێت بەلایەنی کەم ئینگلیزی و فەرەنسی بزانێت، تا ئاگای لە دەوروبەر هەبێت، ئەگەر ئەو گۆڕانکاریانە بێنەکایەوە ڕەنگە لە پاشەڕۆژدا شتێکیتری تازە لە ڕاگەیاندنی بێتە بەرهەم.

*** تا ئێستا لە کوردستان و لە هەندەران زۆر کۆڕ و کۆبوونەوە سەبارەت بە زمانی یەکگرتووی کوردی سازکراون و هەندێ دەزگا و دامەزراوەی تایبەتیش لەمبارەیەوە دامەزراون، بەڵام تا ئێستا هیچ شتێکی روون دیار نییە، بە بۆچوونی تۆ لە پێناو سازکردن و دارشتنی زمانی یەکگرتووی کوردی چی بکرێت باشە، هەنگاوە سەرەکییەکان چین؟**

لە راستیدا دەسەڵات دەتونێت زمانی یەکگرتووی کوردی دیاریبکات، مەبەسەتم لە دەسەڵات دەسەڵاتێکی دیکاتۆری نییە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت یاسات هەبێت، راگەیاندنێکی یەکگرتوو هەبێت و دڵسۆزی زمانەکە بێت. ئەو کاتە زمانێکی یەکگرتووش دروست دەبێت، ئەگەر ئێستا سەیرکەین ئەو کەسانەی بە خۆیان دەڵێن زمانەوان لە راستیدا ئەوان لەگەڵ یەکدا ناکۆکن، ناکۆکیان لەسەر کێشەی زانستی زمانەکە نییە، بەڵکو هۆکاری ناکۆکییەکانیان بەرژەوەندی خودی و کەسی نێوان خۆیانە. ئەگەر ئەوانە کۆك نەبن، چۆن زمانی یەکگرتووی کوردی دادەمەزرێت!؟ لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم بڵێم زمانی یەکگرتوومان نییە. بە بۆچوونی من دەکرێ زاری کورمانجی خواروو بکرێتە بناخەیەك و پێگەیەکی گەورە بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی و دەشێ وشەی هەموو زاراوەکانیتری تێدا کۆببێتەوە، وەك نمونە لە جیاتی وشەی خانوو، وشەی (یانە) بەکاربهێندرێت کە شێوەی هەورامییە و زۆر جوانە. یان لە جیاتی وشەی ناشیرین، وشەی (کرێت) بەکاربهێنرێت، یان لە جیاتی وشەی پڕ، وشەی (تژی) بە کاربهێندرێت کە لە کورمانجی ژووروودا هەیە. دەکرێ هەنگاو بە هەنگاو کاری تێدا بکرێت تاوەکو فەرهەنگێکی گەورەی زمانی یەکگرتوو کوردی بەشێوەیەکی ئەکادیمی لەلایەن زمانزان و شارەزایانی زمان دادەنرێت، بەر لەوەش دەبێت ئەکادیمیایەکی کوردی هەبێت کە زمانزانان و شارەزایانی زمان تێیدا کۆببنەوە بڕیار لەسەر ئەو فەرهەنگە بدەن. ئەوەی ئەمڕۆ کە دەسەڵاتی کوردی بیری لێناکاتەوە پرسی زمانە. بەلای منەوە گرفتی زمان زۆر لە گرفتی ئاو و کارەبا و شتیتر گرنگترە، چونکە ئەگەر تۆ زمانت نەبێت نەتەوە نیت، ئەگەر زمان نەبێت ناتوانیت هیچ بکەیت و بەبێ زمان تۆ مێژووت نییە و جوگرافیا و هیچ شتێکت نییە، بەڵام بەداخەوە کە زۆر گوێی پێنادەن، من کە سەیری رۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ و رۆژنامە ئیسلامییەکان دەکەکەم پێکەنینم پێیان دێت! ئەمە زمان نییە و لەسەر بنامەی زمانی ئەم رۆژنامانە ناتونرێت زمانی یەکگرتووی کوردی دروستبکەین. پێشتر چەندین جار لە وتارەکانمدا لە ناو پرسی رووناکبیری باسی گرفتی زمانم کردبوو. ئێستا دەتوانی بڵێیت ئەمە زمانی یەکگرتووی ئیسلامییە، ئەمەیان زمانی سۆسیالیستە، ئەمایان زمانی پارتییە و ئەوەشیان یەکێتییە، بەڵام ناتوانی بڵێیت ئەمە زمانی کوردییە. ئەگەر رۆژنامەی دەسەڵاتداران گوێی نەداتێ، رەوشی زمانەوانانیش ئاوابێت، من بۆخۆم هیچ گەشبین نیم و لەو بارەیەوە زۆریش رەشبینم!

*** ئایا ئێستاکە هەلومەرجی ئەوە لە ئارادایە لە کوردستانی ئازاد یان لە دەرەوەی وڵات بیرۆکەی دامەزراندنی ئینسیکلۆپیدیایەک بە زمانی کوردی بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە؟**

ئەگەر دەسەڵاتت هەبێت، ئەو دەسەڵاتە لەگەڵتدا دڵسۆزبێت و راستگۆبێت لەسەر شتەکان و خەڵکانێکی پسپۆر لەسەر ئەو بابەتانە دابمەزرێنێت، بەڵێ من پێم وایە ئەم بیرۆکەیە جێبەجێدەکرێت، بەڵام ئەگەر تۆ ئەکادیمیایەك دابنێیت بۆ سازکردنی ئینسیکلۆپیدیایەك لەسەر بنەمای حزب حزبێنە و خزم خزمێنە، ئەمە سەری ناگرێت و نابێتە ئینسیکلۆپیدیا. مەبەستم ئەوەیە ئەقڵیەتە سیاسییەکە لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا ناگونجێت. ئەگەر ئەو وا بیربکاتەوە کامە ئەندامی خۆی بخاتە ناو ئەم کارە بۆ ئەوەی ناوەکەی لە سەر بەرگی ئینسیکلۆپیدیاکە و لاپەڕەی یەکەمی ئینیسکلۆپیدیاکە بێت چۆن ئینسیکلۆپیدیایەکی زانستی کوردی دادەنرێت، کە پاشەرۆژی نەوەکانی کوردی لەسەر دادەمەزرێت. یان ئەوانە لە بیری ئەوە دانابن کە فەرهەنگێکی زمانی یەکگرتووی کوردی دروستبکەن کە دەبێتە بنامەیەك بۆ پەروەردەکردنی نەوە لە دوای نەوە. هەندێك کەس لە بیری ئەوە دانە فەرهەنگەکە بە پشتیوانی کام برا گەورە جێبەجێبکرێت و کام فلانە کەس ناوی لەسەرەوەی سەرەوە بێت. دیارە ئەمەش بەشێکە لە دەردە کورد. ئەگەر بڵێیت ئایا بوار هەیە ئینسیکلۆپیدیا دابندرێت، بێگومان بوار هەیە و دەرفەتی زۆر باشیش هەیە، بەڵام نایکەن!

### * ئێستا خەریکی چیت؟ پرۆژەی داهاتووتان چییە؟ یاخود بە نیازنین بگەڕێنەوە بۆ کوردستان؟



بەشێك لە كتێبەكانی ئامانج شاكەلی

گەڕانەوەم بۆ کوردستان هەمیشە لە ئەندێشەمدایە کە بگەڕێمەوە. پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت ئاش لە خەیاڵێك ئاشەوان لە خەیاڵێکیتر، نیازی گەڕانەوەم بۆ کوردستان و کارکردنم لە کوردستان ڕەنگە لەلای دەسەڵاتی کوردی جۆرێك بێت لە گاڵتەوجاری و بڵێن ئەم پیاوە لە سەردەمێکیترا دەژیت! بۆ نمونە من زۆر حەزدەکەم بگەڕێمەوە کوردستان دەزگایەکی فەرهەنگی تایبەت بە کولتووری منداڵان و گەنجان دابمەزرێنم، زۆر حەزدەکەم کە بە هاوکاری کۆمەڵێك خەڵك بتوانم پەروەردەی سەرەتایی کوردستان و پرۆگرامەکانی خوێندن دەستکاریان تێدابکەین. پرۆژە و هیوای زۆرم هەیە، بەڵام پێموانییە کە ڕێگام بدرێت، چونکە ئەوەی کە لە دەسەڵاتی کوردیدا دەیبینم ئەوەیە ئەوان ببینن کە کەسێك لە دەرەوە هاتۆتەوە و حزبی نییە و دەیەوێت لە کوردستان خۆی بەسەرماندا بسەلمێنێت پەسندی ناکەن. سەبارەت بە پرۆژەکانیشم لە دەرەوەی وڵات دەتوانم بڵێم کە ئەورووپا گۆڕستانی بەهرەکانە، تەنانەت ئەگەر تۆ خەڵاتی نۆبڵیش ببەیتەوە تۆ هەر کەسێکی بێگانەیت و خەڵکی ئەم وڵاتە نیت، تۆ خۆت دەزانیت کە تا ئێستا چەند کتێبم بە زمانی بیانی نووسیوە و بەهۆیانەوە خەڵات کراوم، بەڵام کوا شوێنی من لە چاو نووسەرە بەلژیکی و هۆڵەندی و ئەورووپییەکانیتر کە تاکە کتێبێکیان نووسیوە، بە ئاشکرا هەست بەو چەوسانەوە کولتوورییە دەکەم کە بەرامبەرم دەکرێت. ئەگەر برۆمە کوردستان و پیاوێکی کۆنە جاش بێت وانەی ئەدەبیاتی کوردیم بەسەردا بفرۆشێت ناتوانم لەگەڵیدا بژیم، یان کەسێك کە ئەلفوبێی ئەدەبیاتی منداڵان نازانێت ناتوانێت حوکمم لەسەر بکات! بەچاوی خۆم دەبینم کە ئەم هەموو پارەیە تەخشان و پەخشان دەکرێت، بەڵام کتێبێکی زمانی کوردیم نەدیوە بڵێم ئۆخەی ئەو کتێبە بە کەڵك دێت!

### ئەم پەیڤانە بەلای ئامانج شاکەلی چی دەگەیەنن؟

* شوکور مستەفا: بە باوکی زمانی کوردی دەزانم و پێم وایە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا تا ئێستا لە رووی زمان و ڕێزمانی کوردییەوە و لە بواری بیرکردنەوەدا هیچ کەسێك وەك شوکور مستەفا نەبووە و بە مامۆستای خۆمی دەزانم و ئەو کوردییەی کە من پێی دەنووسم دەتوانم بڵێم لە ئەوەوە فێربووم و خۆم زۆر بە قەرزاری ئەو دەزانم.
* هەژار موکریانی: مامۆستا هەژار کوردیزان و فارسیزان و عەرەبیزان و زمانزانێکی گەورەبوو، خۆزگە هەر خەریکی شیعر و داهێنانەکانی بووایە و تێکەڵاوی سیاسەت نەبووایە!
* ئەحمەدی خانی: ئەو پیاوە ئەوەندە گەورەیە، هێشتا لە گەورەیی ئەو تێنەگەیشتووم و ڕەنگە نەتوانم ئێستا لەسەری بدوێم.
* هونەر: ژیان بێ هونەر چێشتێکی بێ خوێیە.
* ژیان: پرسیارێکی زۆر قورسە و پرسیارێکە لای من قەد وەڵامی نییە و ئێمە نازانین ژیان واتای چییە!